www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 27-6-2006 20:07

## زانكۆی كوردستان لە هەولێر كۆمەڵگای كوردی بەرەو گۆڕان ئەبا؟ ... ڕێبین سەباح

هەولێر
Email/nama_kurdi@yahoo. com

زانكۆی كوردستان كە ئەم ساڵی خوێندنی نوی لە هەولێر ئەكرێتەوە و دەست بە وەرگرتنی خوێندكارو قوتابی ئەكا بۆ خوێندن لە بەشەكانی ئەم زانكۆیە لەسەر پرۆگرامی خوێندنی بەریتانیا و بە زمانی ئینگلیزی كە ئەمەیان بە هەنگاوێكی نوی و بی هاوتا ناوزەند ئەكری لە سیستەمی خوێندن لە كورستانا چونكە لەوەو پێش ئەم هەنگاوانەی ئێستا ئەیان بینین لە زانكۆی كوردستانا پێشووتر نەمان دیبوون وە زۆر جار وتومانە زانكۆ دەوری گرنگ ئەبینی لە دیارخستنی چەوتیەكان و هەڵەكانی كۆمەڵگاو تاكەكانی كۆمەڵگا بە توانای خۆی ئەم هەڵەو چەوتیانە بەرەو نەمان ئەبات یاخود فێرگەیەك ئەبێت بۆ ئەوەی تاكەكانی ناو زانكۆ پەروەردە ئەكات كە ئەوانیش بەشێكی گرنگن لە كۆمەڵگا لەسەر بنەمایەكی دروست و نوێخوازی و دوور لە سیاسەتی حزب حزبێنە چونكە داخل بونی بیری حزب و سیاسەت بۆ ناو حەرەمی زانكۆ خۆی لە خۆیا كێشەیەكە لە جیاتی ئەوەی بارودۆخەكە بەرەو باشی ببات لە زانكۆ دا لێرەدا بەو ئامرازە خراپانە خۆی دەبێتە بەرهەم هێنەری تاكی بی بەرنامە بۆكۆمەڵگا ئەو تاكەی كە دەردەچی لەناو زانكۆدا هیچ بەرنامەو زانستێكی پی نابێت تاوەكو بێت بە باشی خزمەت بكات وە زانكۆكانی كوردستانیش هەرگیز بەو بارودۆخە ناتوانین بەوە ناوزەندیان بكەین كە لەو خاڵەدان كادیری تێگەیشتوو بۆ كۆمەڵگا بەرهەم بێنن وە یاخود بێن كۆمەڵگای كوردی بەرەو گۆڕان ببەن زۆر زەحمەتە برادەرێكی زانكۆ كە ریشێكی درێژی هێشتبێتەوە و پانتۆڕی كورت لەبەر بكات یاخود كچێكی زانكۆ كە سەرپۆشێكی توندو پەنجەوانە لەبەر بكات بێ گۆڕان بكات برِوا بكەن كاتی دەبێتە مامۆستا كە ڕابەری پەروەردەكردنی كۆمەڵگا ناوزەند كراون كۆمەڵی خوێندكار یان تاكێك وەك خۆیان توندڕەو بیروهۆش وەستاو بەرهەم دێنن وەیان ئەگەر زانكۆ نەتوانی بیری عەشایەری و بنەما كۆنەكانی كۆمەڵگا لە مێشكی خوێندكارانی زانكۆ دەرنەهێنی ئەی چی كردوە یاخود چی پی ئەكری؟ بەڵام دەتوانم بلێم ئەوەی لە زانكۆی كوردستان بەدی ئەكرێن دەكری شایەدی ئەوەیان بۆ بدەم كە بە نیازی گۆڕانكاری هەنگاو ئەنێن من وەك خوێندكاری كە لەوانەیە ئارەزوویەكم هەبی بچم لەوێدا درێژە بە خوێدنی زانكۆم بدەم دەكری لێم بپرسن بۆ من لێرەدا بە چەند خاڵێك ئەمەوی وەڵامتان بدەمەوە و پێتان بلێم بۆ ئارەزووم وایە بچمە ئەوی بۆ خوێندن كە خاڵی یەكەمیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بریتیە لەوەی كە وەك بەرپرسانی ئەو زانكۆیانە بەردەوام وتویانە كە لەسەر بنەمای قبول خاێ كار نەكەن كە سیستەمی (قبول خاێ) بە یەكی لە بەربەستەكانی بەردەم پێشكەوتنی خوێندن دادەنرا لە زانكۆدا ئەگەر بەو شێوەیەش بێت كەواتە هیچی تر كوڕەبەرپرسی نایەت یەكسەر بێتە ئەو زانكۆیە بە نمرەی خراپ پێش خوێندكاران و قوتابیانی تر بكەوێت وە خاڵی دووەم بریتیە لەوەی كە چالاكی سیاسی و ڕێكخراوەیی لەو زانكۆیە قەدەغە دەكری هیچ كەسی ناكری بە حزبی وە هیچ ڕێكخراوێكی قوتابیان و خوێندكاران نابنە دەسەڵات داری ئەم زانكۆیە زانكۆ بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوە ببەن وەك لە زانكۆكانی تری كوردستان ئەو حاڵەتە دەبینین وە لەو زانكۆیە بۆیان ناچێتە سەر بە ئارەزووی خۆیان یاری بە چارەنوسی خوێندكار بكەن دەرچوون و دەرنەچوونی خوێندكار لە دەست ئەوان بی نەك لە دەست مامۆستایانی كۆلیژ بی هەر بیری سیاسەتە لە زەمەنەی ئێستادا لە كۆمەڵگای كوردی دا تاكەكان و وە كۆمەڵگای كوردی بەرەو گەندەڵی و بی یاسایی و بی مێشكی بردوە وە خاڵی سی یەم ئەمەوی باسی بكەم هەنگاوەكانی وەرگرتنی خوێندكارانە كە تێیدا خوێندكار بەشێوەیەكی هەڕەمەكی و بە بی بەرنامە وەرناگرێت كە هەنگاوەكانی وەرگرتن بریتی دەبێت لە سی هەنگاو بەڵام داواكارم لە بەرپرسانی ئەو زانكۆیانە هەر خوێندكارێكی لە هەنگاوو مەرجی یەكەم سەركەوتوو بوو ئەوا لە هەنگاوی دووەم و سی یەم هەندی ئاسانكاری بۆ بكری لەبەر ئەوەی هەرهەمومان دەزانین ئێمەی خوێندكار لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەو تاكو ئامادەیی تەواو دەكەین لەسەر سیستەمێكی خوێندنی زۆر كۆن دەخوێنین وە فێرە ئینگلیزیەكی ئەوتۆ نەكراوین تاوەكو بێین وەك بولبول بە ئینگلیزی قسە بكەین بۆ ئێوە لە چاوپێكەوتنا بۆیە شتێكی ئەوتۆ فێر نەبوین بۆ ئەوەش دێینە زانكۆی كوردستان بۆ ئەوەی بخوێنین و فێر بین دەبی ئەوەش بزانن بۆ ئەوە دێین بۆ ئەوەی ببینە خوێنكارێكی زیرەك و چالاك و بەبەرهەم بۆ كۆمەڵگای كوردی بی كادیری تەكنۆكرات وە چوارەم خاڵیان كە بە خاڵی كۆتایی دادەنێم ئەویش ئەوەیە كە خوێندكار لەسەر پرۆگرامی خوێندنی بەریتانیا دەخوێنێت دوورو جیا لە خوێندنی زانكۆكانی كوردستان وە كەڵكێكی زۆری دەبێت بۆ هەموان و بۆ خاوەن بڕوانامەكە وە دەرچووی ئەو زانكۆیە وەك ئەوە ئەبێت خوێندكار لە زانكۆیەكی بەریتانیا بڕوانامەی هەبێت ئەمەشیان خۆی لە خۆیا زۆر گرنگە وە زۆر شتی تر ماون بەڵام نامەوی زیاتر درێژەی پی بدەم وە چاوەڕێی ڕۆژەكان ئەكەم تا بزانم پێشبینیەكانی من لەسەر زانكۆی كوردستان ڕاست دەردەچی یان هەڵە وە هیواشم وایە ئەو خوێندكارانەی دەچنە ئەو زانكۆیە لە ئاست بەرپرسیاریە گرنگە دابن چونكە كوردستان پێویستی بە ئێوە دەبێت بۆ خزمەتكردن نەك كادیری شاخ و خاوەن بیرو هۆشی كۆن هیوام لەسەر دەستی خوێندكارانی زانكۆی كوردستان ڕوبدات بە فعلی زانكۆی كوردستان ببێتە زانكۆی گۆڕانی كۆمەڵگا بەرەو خاڵێكی چاكتر